# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٧٤) - دوو شەممە ٢٠١٢/١/٢٣ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٣ی (ڕێبەندان)ی٢٧١١ی کوردی- ١ی (ڕەبیعی یەکەم)ی ١٤٣٣ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە






لە وتەکانی
دکتۆر عەلی شەریعەتیدا
حەیفە ئەو نیگایەی
کە بەس بۆ دیدارە پڕ
شکۆ و پڕ ڕێزەکان
بەدی هاتووە، بێ هۆ
بەهەدەر بدرێت..». ل 8



4 «نەوت» سامانێکی زۆر و داهاتێکی نادیار

5 بەرەو 2/6 یەکگرتوو لە واقیعی دروستی ناوخۆیدا

6 دەستپێشخەری شەفافیەت بۆ پرۆسەی نەوت و غاز لە عێراق و کوردستان




12 لەبارەی دیموکراسیەتەوە .. مافەکان

وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

# نە پشتیوانی لە کابینەی حەوتەم دەکەین و نە دژایەتیشی دەکەین، بەڵکو چاودێری دەکەین



دوای ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی هەر سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن بەشداری نەکردنی خۆیان لە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی ڕاگەیاند، لە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی جیاواز باس لە پشتگیری کابینەکەی (نێچیرڤان بارزانی) دەکرێت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە.

(د.سەلاحەدین بابەکر ـ ئەندام و وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی یەکگرتوو ڕایگەیاند کە ئێمە وەکو یەکگرتوو نە پشتیوانی لەم کابینەیە دەکەین و نە دژایەتی دەکەین، بەڵکو چاودێری ئیش و کارەکانی لە ڕێگای کەناڵە جۆراوجۆرەکانی یاسای و دەستووری دەکەین، کە گرنگترین دەزگاش لە ڕێگای پەرلەمانەوە چاودێری وردی ئەم حکومەتە دەکەین، سەبارەت بە دەنگدانو کارنامەی حکومەتی هەرێم لە کابینەی حەوت کە بە گوێرەی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان پارتیو یەکێتی دەدرێتەوە نێچیرڤان بارزانی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو وتی:»: هەر وەکو ڕامانگەیاندوە ئێمە چاودێری حکومەت دەکەین، نە پشتگیری دەکەین و نە دژایەتی».

د.سەلاحەدین بابەکر لە بەشێکی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد کە بە لای یەکگرتووە گرنگ نییە کێ سەرۆکایەتی حکومەت دەکات، بەڵکو ئەداو ئیش وکاری حکومەت و پرۆژەکانی بەلاوە گرنگە، ڕەنگە گۆڕینی کەسەکان کاریگەریکی ڕێژەی بەسەر ئیشو کارەکانی حکومەت هەبێت، بەڵام ئەگەر سیستەم و شێوازی کارکردنی حکومەت نەگۆڕێت ئەوا ئیش و کارو دەرەنجامەکانی کابینەی حەوتەمیش هیچ باشتر نابێت لە کابینەکەی پێش خۆی، بۆیە بە لای یەکگرتوو و سەرجەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان گۆڕینی سیستەم گرنگە نەک شەخسەکان.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو:

## گۆڕانکاری حکومەت گۆڕانکاری بەسەر کاروبارەکاندا ناهێنێت

سکرتێری حیزبی ئایندە:

## ئەنجامنەدانی چاکسازی لە کوردستان لەکۆتاییدا وەک بەهاری عەرەبی لێدێت

(هیوا میرزا سابیر- ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو) پێی وایە کە «کاروباری ئیداری و سیاسی و ئابووری هەرێم لە نێوان هەردوو پارتی دەسەڵات دابەشبووەو، بەڕێوەبردنی حکومەت زیاتر لەسەر نەهج و شێوازی ئەو کەسەیە کە حکومەت بەڕێوەدەبات»، بۆیە دەڵێت: «واینابینم گۆڕانکاری بەسەر کاروبارەکاندا بێت». بەڕێزی بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو دەشڵێت: «ماوەی دوو ساڵ بۆ حکومەتداری زیانی ڕاستەوخۆی هەیە لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە«. پێشی وایە «ئەو گۆڕانکاریانە جگە لە پشێوی و فەوزا هیچ دەرئەنجامێکی تری لێ ناکەوێتەوە«.

لەلایەکی ترەوە (قادر عەزیز ـ سکرتێری حیزبی ئایندە) پێی وایە «گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کوردستان بە گۆڕینی کەسەکان ناکرێ بەبێ گۆڕانکاری سیستەمی حکومڕانیەک کە یاسا سەروەر بێ«، زیاتریش بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو دەدوێت: «ئەمە ڕێکەوتنێکی حیزبیە، کابینەکە بۆ دوو ساڵیش نیە کابینەیەک سێ چوار مانگی دەوێ تا وەزارەتەکان دەکەونە کار، پێش ئەوەی تەواویش بێت دیسان چەند مانگێک کارەکان وەکو خۆی نامێنێ، چوار مانگە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم دەڵێن ئەمڕۆ سبەی دەڕوا ناڕوا»، سکرتێری حیزبی ئایندەی کوردستان ئاماژە بەوەش دەکات «بێئومێد بوونی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە کۆتاییدا وەکو بەهاری عەرەبی لێدێ و بەدڵنیاییەوە خەڵکی کوردستان بەوە ڕازی نابێت و شەقامیش دەجوڵێن»... بۆ ل٣

## یەکگرتوو 500 ناوی داوەتە لیژنەی بەدواداچوونی سزادراوان، بەڵام تەنها چەند ناوێک گەڕاونەتەوە سەر کاریان

**دوێنێ لیژنەی باڵای کەیسی زیندانیانی سیاسی لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبونەوەبۆ تاوتوێ کردنی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران.**

(عومەر عەبدولعەزیز ـ سەرۆکی لیژنەی سزادراوانی سیاسی لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو پاشان بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە سزادراوانی سیاسی، کە بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، زۆربەی وەزارەتو دامودەزگاکانی حکومەت بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتیان جێبەجێ کردوە تایبەت بە گەڕاندنەوەی سزادراوانی سیاسی بۆ سەر کارەکانیانو چ ئەوانەی دوورخراونەتەوەو چ ئەوانەی گواستراونەتەوەو یاخود ئەوانەی مەرجی دامەزراندنو هەلی کاریان تێدایە، بەڵام لە بەر ئینتیمای سیاسی دانامەزرێن، بەداخەوە ئێمە یاداشتێکمان نوسی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمو حکومەتو پەرلەمان کە بڕیاری گەڕاندنەوەی سزادراوان پێش ساڵی (٢٠٠٩) بگرێتەوە دیار بوو بەڵێنیان پێداین، بەڵام لە ئەرزی واقیع شتێکی ئەوتۆ جێبەجێ نەکراوە.

عومەر عەبدولعەزیز وتی:» ئێمە نزیکەی ٥٠٠ ناومان داوەتە لیژنەی بەدواداچوونی سزادراوانی سیاسی لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بۆمان دەرکەوتووە کە جگە لە گەڕاندنەوەی چەند ناوێک هیچی تر نەکراوە، بۆیە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیرانو لیژنەکە کردوە کە دووبارە نووسراوێکی تر بۆ سەرجەم فەرمانگە و وەزارەتو پارێزگاکان بکەنو دووبارە بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم جێبەجێ بکەن، ئەوانیش بەڵێنیان داوە ئەوا نوسراوێکی تر بکەن، چونکە ئەمە مافێکی یاساو شەرعی خۆیان کە دابمەزرێنو بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

# تۆمەتبارێکی ڕوداوەکەی بادینان دەکرێتە قایمقامی دهۆک

**تۆمەتبارێکی ڕوداوەکەی بادینان دەکرێتە قایمقامی نوێی دهۆک و پارێزەری یەکگرتووش ناوەکەی دووپات دەکاتەوە..**

بەپێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، تۆمەتبارێکی ڕوداوەکەی بادینان، کە سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە دەکرێتە قایمقامی نوێی دهۆک، بەپێی سەرچاوەکە تۆمەتبار (خ.م) کراوەتە قایمقامی نوێی دهۆک کە ئاماژە پێدراو یەکێکە لەوانەی کە لەلایەن پارێزەرانی یەکگرتووەوە سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە، ڕۆژنامەی یەکگرتوو پەیوەندی کرد بە پارێزەر (محەمەد هاودیانی) سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی یەکگرتوو لە دۆسیەی سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان، ناوبراو دوپاتی ناوەکەی کردەوە کە لە لیستی ئەوانەدایە کە سکاڵا لە دژی تۆمار کراوە.

بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (٢٠١٢/١/١٩) لە دادگای دهۆک گوتار (ئیفادە) لە تۆمەتبار (خ.م) وەرگیراوە، بەڵام دوو ڕۆژ پاشتر کراوەتە قایمقامی نوێی دهۆک، ئەمەش لە میانەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەسەڵات لە ناو بەرپرسە حیزبی و حکومیەکانی ناوچەکەدا ئەنجامی دەدات، ئەمەش سەرسوڕمانی لای چاودێران و جەماوەری دەڤەرەکە دروستکردووە بەرامبەر دەسەڵات.

لە سەردانیکردنی مەڵبەندی سێی یەکگرتوودا

# یۆنامی: کەلتوری بارەگا سوتاندن لەگەڵ دیموکراسی و سەردەمی ئەمڕۆدا ناگونجێ




**بەرپرسی مەڵبەندی دهۆکی یەکگرتوو ڕایدەگەیەنێت کە تائێستاش نازانن بۆچی بارەگا سوتاوەکەیان تەسلیم ناکرێتەوەو دەشڵێت وەفدی یۆنامی نیگەرانی خۆیان لەمەڕ ئەو کارەساتە دەربڕیوە..**

سەبارەت بە سەردانی وەفدی یۆنامی بۆ مەڵبەندی دهۆک، کە ئێستا لە بارەگایەکدا بە کاتی دەوام دەکەن (غازی سەعید) بەرپرسی مەڵبەندی ناوبراو بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو وتی: «مەبەستی وەفدەکە ئەوە بوو کە زانیاری لەبارەی هۆکاری سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە دهۆک بزانن»، ناوبراو وتیشی: «وەفدی یۆنامی هەر لە سەرەتاوە سەبارەت بەو ڕووداوە نەخوازراوەی دەڤەری دهۆک دڵتەنگی خۆیان دەربڕی». (غازی سەعید) ئەوەشی وت: «ئێمەش بیروبۆچونی خۆمانمان ئاراستەکردن و هۆکارەکانمان باسکرد، ئەوەشمان ووت کە یەکگرتوو سەنگ و قورسایی خۆی هەیە لەناو جەماوەری دهۆکدا، دەنگی باشیشمان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ئەوە دەسەلمێنن، لەبەرامبەریشدا وەفدی یۆنامی وتیان ئەم کەلتورە ناگونجێ لەگەڵ دیموکراسی و پێکەوە ژیانی سەردەمی ئەمڕۆدا، ئەمە کارێکی ڕەتکراوەیەو داوا دەکەین ئەم کەلتورە نەمێنێ، هەروەها وەفدەکە وتیان کە ئێمە گەشتینە دهۆک و بارەگا سوتاوەکەی ئێوەمان بینی زۆر دڵتەنگ بووین، زۆر ناشیرینە ئەمڕۆ لە کوردستان کاری ئاوا ئەنجام بدرێت».

سەبارەت بە هەڵوێستی مەڵبەندی دهۆک کە تا ئێستا ڕێگەیان پێ نادرێت ئەو بارەگا سوتاوەیان بەکاربهێننەوە؟ بەرپرسی مەڵبەندی دهۆک وتی: «پەیوەندیمان کردووە بە بەرپرسانی حکومەت و ئیدارە لەم دەڤەرە، بەڵام هیچ وەڵامێکی ڕەسمیمان نەدراوەتەوە، ئەوەش بە نارەسمی پێمان گەشتبێت وتراوە لە دەسەڵاتی پارێزگاردا نیە بارەگا بدرێتەوە بە ئێوە، ئەوە لەدەسەڵاتی سەرەوەیە، ئێمەش نازانین سەرەوە مەبەست پەرلەمانی کوردستان و حکومەتە یان مەکتەبی سیاسی پارتی!»... بۆ ل٣